# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی هەژدەیەم: خۆپاراستنی تەندروستی لەگەرمیان (2)

## (کوتان)

ئاداری 2019

1/4/2019

# ناوەڕۆک


| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 8 | کوتان چیە |
| 9 | شێوازی دابینکردنی کوتراو(ڤاکسین) بۆ خۆپاراستنی گەرمیان چۆنە؟ |
| 9 | ئەو کوتراوانەی لە گەرمیان هەیە |
| 10 | ئەو ڤاکسینانەی لە جیهان بەکاردێن و لە گەرمیان نیە چین؟ هۆکاری نەبونیان چیە؟ |
| 11 | ئەو ڤاکسینانەی کە لە گەرمیان نیە کاریگەری چیان لەسەر تەندروستی هەیە |
| 11 | شێوازەکانی کوتان لە گەرمیان |
| 12 | هەڵمەتەکانی کوتان لە گەرمیان تاچەند سەرکەوتوبوە؟ |
| 13 | گرفتە ئیدارییەکانی هۆبەو بەشەکانی کوتان |
| 14 | رای هاوڵاتیان لەسەر کوتان و رەخنەکانیان لە هۆبەکانی کوتان |

| | |
|---|---|
| 15 | ترسی دایکان و ناهۆشیاریان چ کاریگەریەکی هەبوە لەسەر کوتانی منداڵانی گەرمیان |
| 16 | ئامارەکانی کوتان لە گەرمیان |
| 18 | رەوشی کوتان لە گوندەکانی گەرمیان |
| 19 | چیبکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی کوتان لە گەرمیان |
| | بەشی سێیەم |
| 20 | راسپاردەکان |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی سای رابردودا یەکەکە (24) راپۆرت لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی ڕژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## 1. دەستپێک:

کوتان لە ئێستادا یەکێکە لەو بەشە تەندروستیانەی کە گرنگیەکی زۆر و تایبەتی پێدەدرێت، هەروەها بەبەردەوامی پسپۆرانی تەندروستی لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کوتراوی زۆرێک لە نەخۆشیە ڤایرۆسیەکان تاوەکو توانای کۆنترۆڵکردنی ئەو نەخۆشیانە ئاسان بێتەوە، زۆرێک لەو نەخۆشیانەشی ئێستا کوتراویان هەیە بە وتەی پزیشکان هیچ خۆپارێزییەکی بنبڕ بۆ ئەو نەخۆشیانە نییە، بەڵام دەکرێ بە ماکوتە رێگەی لێبگیرێت.

لە گەرمیانیش لە مەڵبەندەکان و چەند بنکەیەک بەش و هۆبەی کوتان هەیە، لەم بەدواداچونەی یەکەی چاودێری تیشک دەخەینە سەر چۆنیەتی دابینکردنی کوتراو(ڤاکسین) بۆ تەندروستی گەرمیان هەروەها چۆنیەتی پاراستینیان و گوستنەوەیان بۆ شوێنی بەکارهێنانیان، ئەو گرفتانەی لەو روەوە هەیە چیە و بۆچی چارەسەر نەکراوە؟ لەگەڵ تیشک خستنە سەر ئەو ڤاکسینانەی کە لە گەرمیان هەن کامانەن و ئەوانەشی کەنیە هۆکاری نەبونیان چیە؟.

هەرەها باس لە شێوازەکانی کوتان دەکەین لە گەرمیان لەگەڵ چۆنیەتی هەڵمەتەکانی کوتانی نیشتیمانی و چۆنیەتی بەرەوپێشچونی شێوازەکانی.

## 2. کوتان چیە

کوتان (Vaccination) بریتییە لە کرداری تێکردنی کوتراوێک (وردە زیندەوەرەکان یان ماددەی هۆکاری نەخۆشی)، بۆ ناو لەشی مرۆڤ یان گیانەوەران، بۆ دابینکردنی وەڵامدانەی بەرگرییەکان.

واتا کوتانەکان بە بەکارهێنانی برێکی کەم لە بەکتریا یان ڤایرۆسی نەخۆشییەکی دیاری کراو دروست دەکرێن، دوای ئەوەی بەکتریا یان ڤایرۆسەکە لاواز دەکرێن یان دەکوژرێن پاشان دەدرێن بە هاولاتییان، بەمەش سیستمی بەرگریی لەشی مرۆڤ دوای وەرگرتنی کوتان دژی ئەو نەخۆشییە چالاک دەبێت، بە جۆرێک ئەگەر لە داهاتودا بەکتریا یان ڤایرۆسی هەمان نەخۆشی بچێتە لەشی مرۆڤەکەوە، هەر بە زویی لەناو دەبرێت. بەم شێوەیە کوتان دەتوانێت رێگر بێت لە توشبونی نەخۆشی یان کەمکردنەوەی توندیی نەخۆشی.

## 3. شێوازی دابینکردنی کوتراو (ڤاکسین) بۆ خۆپاراستنی گەرمیان چۆنە؟

دابینکردنی کوتراو (ڤاکسین) بۆ تەندروستی گەرمیان لە لایەن تەندروستی سلێمانیەوە دەنێردریت پاش ئەوەی وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆیانی دابین دەکات، واتە راستەوخۆ ڤاکسین بەشێوەی سەربەخۆ نانێردرێت بۆ بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی گەرمیان.

بەڕێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد ئەوان مانگانە بەپێی پێویستی گەرمیان داواکاری بەرزدەکەنەوە و بڕی تەواوی ئەو کوتراوانەی کە پێویستن بۆیان دابیندەکرێت.

کامەران حەمەسالح، وتی: "هەمو ئەو کوتراوانەی کە لەعێراق و کوردستان هەیە لە گەرمیانیش هەیە".

دەربارەی کوالێتی ڤاکسینەکان رەفیق عبدولرەحمان، هێمای بەوەکرد: "باشترین جۆرەکانی ڤاکسینمان بۆ دەنێردرێت لەبەر ئەوەی وەزارەتی تەندروستی عێراق دابینی دەکات".

## 4. ئەو کوتراوانەی لە گەرمیان هەیە

لە هۆبەو بەشەکانی کوتان لە گەرمیان ڤاکسینی هەریەکە لە نەخۆشیەکانی سیل و سورێژە و کۆکە رەشە و ئیفلیجی منالان (OPV) و رۆتا ڤایرۆس (Rota Virus)، هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی (HBV1) لە جۆری (B)، لەگەڵ دەرزی گەزاز کە بۆ ژنانی دوگیان بەکاری دەهێنن، لەبەر ئەوەی پێویستە گشت ژنانی سکپڕ و منالی تازە لەدایکبو بپارێزرێن و لە دژی گەزاز بکوترێن، تەنانەت ئەگەر دایکەکە پێشتر دەرزی دژ بە گەزازی لێ درابێت.

هەریەک لەم کوتراوانە پێویستە بەپێی ئەو تەمەنەی کە دیاریکراوە بدرێت لە منال لە رۆژی یەکەمەوە تاوەکو تەمەنی پێنج ساڵ.

## 5. ئەو ڤاکسینانەی لە جیهان بەکاردێن و لە گەرمیان نیە چین؟ هۆکاری نەبونیان چیە؟

کوردستان بەگشتی مانگانە لە وەزارەتی تەندروستی عێراقەوە ڤاکسینی پێدەگات، واتە تەواوی ئەو ڤاکسینانەی لە عێراق هەن لە کوردستانیش هەن، بەڵام هەندێک ڤاکسین هەیە لە وڵاتانی دراوسێی عێراق بەکاردێن، بەڵام لێرە بەردەست نین.

یەکێک لەو کوتراوانە کە لە کوردستان و عێراق نیە کوتراوی دژە درکەو مێکوتەیە، بە پێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری رێژەی توشبونی ئەم نەخۆشیە لە گەرمیان لەنێوان (٨٠% بۆ ٩٠%)، بەڵام تاوەکو ئێستا ڤاکسینی ئەم نەخۆشیە لە عێراق نیە، لەگەڵ ڤاکسینی دژە ئەنفلەوەنزای بەراز ئەگەرچی لەماوەی رابردودا هاوڵاتیەک لە گەرمیان توشی ئەم نەخۆشیەبو.

لێپرسراوی بەشی کوتانی مەڵبەندی شێروانە وتی: "خێزانی ئەو کەسەی توشی ئەنفلەونزای بەراز بو نێردران بۆ ئێرە، ئێمەش ڤاکسینی دژە ئەنفلەوەنزامان بۆ بەکارهێنان".

ئەو ڤاکسینەی کە بۆیان بەکارهێنراوە هەر ئەو ڤاکسینەبوە کە هەمو هاوڵاتیەک دەتوانێت لە وەرزی پایزدا دژی ئەنفلەوەنزایی ئاسایی خۆی پێ بکوتێت نەوەک ڤاکسینی دژە ئەنفلەوەنزای بەراز.

هۆکاری نەبونی ئەم ڤاکسینانە بە وتەی بەرێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان گرانی نرخی ڤاکسینەکانە.

کامەران حەمەساڵح، لەم بارەیەوە وتی: "بەشێوەیەکی گشتی ڤاکسین نرخی گرانە هەربۆیە وەزارەتی تەندروستی عێراق ساڵانە لە هەڵمەتەکانی کوتان پشت بە هاوکاریەکانی رێکخراوی (WHO) تەندروستی جیهانی و یونیسێف دەبەستێت".

وتیشی: "ئەو کوتانانەشی کە نیە بەهۆی بەرزی نرخەکانیانەوەیە".

بە پێی ئەو ئامارانەی دەست یەکەی چاودێری کەوتون لەم ساڵدا بە کوتراوی دژە پێوەدانی مار و دوپشک و هاری سەگ ڤاکسینی هەوکردنی پەردەی مێشک و گرانەتا و زەردەتا، هیچ کەسێک کوتانی بۆ نەکراوە دژی ئەم نەخۆشیانە.

## 6. ئەو ڤاکسینانەی کە لە گەرمیان نیە کاریگەری چیان لەسەر تەندروستی هەیە

بە پێی سەرچاوە پزیشکیەکان نەبونی ڤاکسینی هەر نەخۆشیەک کاریگەری خۆی هەیە، لە عێراق و کوردستانیش هەندێک ڤاکسین هەیە تاوەکو ئێستا بۆ دانیشتوانەکەی بەردەست نین، گەرمیانیش وەک ناوچەیەکی ئەم هەرێم و دەوڵەتە بیبەشە لەو کوتراوانە.

بە پێی زانیارییەکان یەکێک لەو نەخۆشیانەی کە کوتراوەکەی لە عێراق نیە نەخۆشی دڕکە و مێکوتەیە کە ئێستا لە وڵاتانی دراوسێ بەکاردەهێنرێت، لە کاتی توشبون بەم نەخۆشیە ئەگەری زۆری هەیە دواتر کەسی توشبو روبەڕوی هەوکردنی سیەکان یاخود لە کاتی توشبون ببێتە هۆی بەرزبونەوەی تا بەشێوەی مەترسیدار کە رەنگە بگاتە حاڵەتی هەوکردنی پەردەی مێشک.

هەریەکە لە ڤاکسینەکانی دژە مار و دوپشک و هاری سەگ کە لە مەڵبەندەکان نین، کارمەندانی کوتان دەڵێن هۆکار ئەوەیە ئەم حاڵەتانە بەربڵاو نین لە گەرمیان، بەڕێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان دەڵێت: "ئەم کوتراوانە دەبێت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن هەبێت، بەڵام لەوێش لە حاڵەتە کتو پڕەکانیش کوتراوی گەزاز نیە بۆ دژی ژەهراوی بون".

## 7. شێوازەکانی کوتان لە گەرمیان

کوتان بە پێی تەمەن و بەپێی ئەوەی بە چەندجار کوتان دژی ئەو نەخۆشیە مرۆڤ بەرگری پەیدا دەکات دژی ئەو ڤایرۆس و بەکتریا و ژەهرانە دیاری دەکرێت کە ڤاکسینەکەی بۆ بەرهەم هێنراوە، هەربۆیە دەربارەی شێوازی کوتان لە هۆبەو بەشەکانی کوتان لە گەرمیان لێپرسراوی هۆبەی کوتانی مەڵبەندی شێروانە، وتی: "لەبەر ئەوەی هەندێک کوتان تەنها دەبێت یەک جار وەربگیرێت ئیتر کەسەکە بەرگری تەواوی دەست دەکەوێت بۆ ئەو نەخۆشیە یەکجار بەکاردەهێنرێت وەک ڤاکسینی ڤایرۆسی جگەر لە جۆری (B)".

شێرکۆ حەسەن، وتیشی: "هەندێکی پێویستی بە چەند جارێک کوتان دەبێت تاکو بەرگریی لەشی چالاک بێت، نمونەش ڤاکسینی کۆکە رەشە".

## 8. هەڵمەتەکانی کوتان لە گەرمیان تاچەند سەرکەوتوبوە؟

ساڵانە لە هەرێمی کوردستان دو خولی کوتان لە وەرزەکانی بەهار و پایزدا بەڕێوەدەچێت کە بە هەڵمەتی نیشتمانی کوتان دادەنرێت.

لەم هەڵمەتەدا کوتان دژی ئیفلیجی بۆ مناڵان دەکرێت لە تەمەنی یەک ڕۆژەوە تاوەکو پێنج ساڵ.

دەربارەی مەترسیەکانی ئیفلیجی لە گەرمیان و کاریگەریەکانی کوتان لە دژی ئەو نەخۆشیە لێپرسراوی بەشی کوتان لە مەڵبەندی تەندروستی شێروانە وتی: " لەساڵی ١٩٩٩ تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک توشی ئەو ڤایرۆسە نەبوە لە گەرمیان، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کوتان دژی ئەو نەخۆشیە سەرکەوتو بوە".

بە پێی زانیاریە بڵاوکراوەکان لە ساڵی (2001)ەوە هیچ حاڵەتێکی ئیفلیجی مناڵان لە تەواوی هەرێمی کوردستاندا تۆمار نەکراوە، بەڵام بۆ کوتان دژی نەخۆشی سورێژە تەنها ئەو کاتانە دەکرێت کە ئەگەری بڵاوبونەوەی نەخۆشیەکە لە ئارادایە، نمونەش ساڵی پار لە کاتی توشبونی دو مناڵ لە ناو کەمپی ئاوارەکان لە شارێکی هەرێم ئەو هەڵمەتە دەستپێکرد.

کوتانیش دژی نەخۆشی سورێژە مناڵی تەمەن ٩ مانگ تاوەکو پێنج ساڵ دەگرێتەوە.

دیمەنێک لە کوتانی مناڵێکی گەرمیان لەهەڵمەتی نیشتیمانی کوتان



## 9. گرفتە ئیدارییەکانی هۆبەو بەشەکانی کوتان

### ا. کەمی کارمەند وەک گرفتێکی هۆبە و بەشەکانی کوتان

ئەدیبە محمود باسی لەکێشەی کەمی کارمەند لە هۆبەکەیان کرد و وتی: "لە مەڵبەندی پێباز لە هۆبەکە تەنها خۆم کارمەندم بەمەش من دەبێت ڤاکسین لە خۆپاراستن بهێنم بۆ ئێرە، ئامار ئامادە بکەم، مانگانە هەمو کارەکانی دیکەی هۆبەکە بکەم و ڕێنمای بە دایکەکان بدەم، لە گەڵ ئەمانەشدا منداڵ و دایکانی دوگیانیش بکوتم!".

بە سەرسوڕمانەوە وتی "ئەمە بەیەک کارمەند چۆن دەکرێت".

لێپرسراوی هۆبەی کوتانی مەڵبەندی شەهید قاسم، باس لە کەمی ژمارەی کارمەندەکانی هۆبەکەی دەکات دەڵێت: "ئێمە دوکارمەندین، بەڵام بۆ باشکردنی کارەکانمان پێویستمان بە چوار کارمەندە، چونکە ژمارەی سەردانیکەرمان زۆرەو ژمارەیەکی زۆریش ئاوارەی عەرەب لێرە کوتانیان بۆ دەکرێت".

هەندێک لە هۆبە و بەشەکانی دیکەی کوتان بەوتەی لێپرسراوەکانیان ئەم گرفتەیان نیە، وەک شێرکۆ حەسەن، هێمای بۆکرد ئەوان لە بەشی کوتانی مەڵبەندی شێروانە ژمارەیان(٥) کارمەندەو ڕۆژانە بە باشی کارەکانیان بەڕێدەکەن و گرفتیان لەو ڕووەوە نیە.

### ب. گرفتی گواستنەوەی کوتراوەکان

ڤاکسین یەکێکە لەو دەرمانانەی کە زۆر هەستیارە ئەگەر لەو پلە گەرمییەی کە بۆی دیاریکراوە نەپارێزرێت ڕاستەو خۆ ڕەنگی دەگۆڕێت، ناتوانرێت چی دیکە بەکاربهێنرێت.

لە گەرمیان لێپرسراوی هۆبەو بەشەکانی کوتان بە ئۆتۆمبێلی خۆیان یان بە تەکسی یاخود بە ئۆتۆمبێلی مەڵبەندەکان ڤاکسینەکانیان دەگوازنەوە.

لەمبارەیەوە لێپراسراوی هۆبەی کوتانی ناحیەی پێباز، باسیلەوەکرد: هەندێک جار ئەوندە ئۆتۆمبێلیان دەست ناکەوێت ناچار خۆی بە ئۆتۆمبێلی هاتوچۆی ناحیەکە دێتە خۆپاراستن لە کەلار و ڤاکسینەکان دەبات بۆ مەڵبەندەکەیان.

هەمو لێپرسراوەکانی دیکەش بەهەمانشێوە ئەمە پشتراست دەکەنەوە کە هیچ ئۆتۆمبێلیکیان بۆ دابیننەکراوە بۆ گواستنەوە یاخود هێنانی ڤاکسین بۆیان.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ ئەم گواستنەوەیەی کە هەیە تەندروست و زانستیە، پەرستارێکی کارامە باسیلەوەکرد ئەوان بۆکسی تایبەت (سندوقی تایبەت بە ڤاکسین)، بەکاردەهینن بۆ گواستنەوەیان کە پلەی گەرمی دیاریکراوی هەیە. بەوتەی نەبیل سعید، گرفتی ئەوان ئەوەیە کە بۆکسەکان کۆنن وە ژمارەیان کەمە بەشێوەیەک ئەم لێپرسراوی هۆبەیە بۆئەوەی بڕی پێویستی مانگانە ڤاکسین بگوازێتەوە لە خۆپاراستنی گەرمیانەوە بۆ مەڵبەندەکەیان دەبێت دوجار هاتوچۆبکات بۆ گواستنەوەی تەواوی ڤاکسینەکان.

## ج. بۆچی گرفتی گواستنەوەی کوتراو (ڤاکسین) تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە؟

لە بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بۆ ئەم گرفتە دەرکەوت لە ماوەکانی پێش ساڵی ٢٠١٢ ئۆتۆمبێلی تایبەت بە گوستنەوەی ڤاکسین لە هەرێم دابینکراوە بۆ بەش و هۆبەکانی کوتان، بەڵام لە گەرمیان هیچ داواکارییەک نەکراوە بۆ ئەوەی بۆیان دابینبکرێت.

سەبارەت بەو بۆکسانەشی کە تایبەتن بە گواستنەوەی ڤاکسینەکان و لە ئێستادا بەکاردێت لە گەرمیان هەندێک هۆبەو بەشی کوتان کێشەیان هەیە لەبەر کۆنی و بچوکیان، لە تەندروستی سلێمانی بۆکسی نوێ و قەبارە گەورەتریش هەیە، بەڵام بە پێی ئەو زانیاریانەی دەست یەکەی چاودێری کەوتوە لەبەر ئەوەی داواکاری نەکراوە لە لایەن بەش و هۆبەکانی کوتانەوە بۆیان دابینەکراو.

## 10. رای هاوڵاتیان لەسەر کوتان و رەخنەکانیان لە هۆبەکانی کوتان

هەر کە دەچیتە مەڵبەندێکی تەندروستیەوە راستەوخۆ دیمەنی گریانی مناڵ سەرنجی تۆ رادەکێشێت لەگەڵ ئەو دەنگە دەنگەدا بۆ وەرگرتنی رای دایکان و باوکان قسەمان لە گەڵ چەند کەسێک لەوانە کرد کە لەچاوەڕوانیدا وەستابون.

لە مەڵبەندی گوڵاڵە شیرین کەریم، کە مناڵەکەی تازە کوتابو دەربارەی پابەند بونی بە کاتەکانی کوتانی مناڵەکەی پێی وتین: "بە پێی ئەو خشتەیەی بۆیان داناوین دێمەوە، هەمو جارێک مناڵەکەم دەکوتم لێرە لەبەر ئەوەی دەزانم ئەگەر نەیکوتم رەنگە دواتر توشی نەخۆشی خراپبێت".

لەگەڵ ئەم قسانەدا خانمێکی تر لەگەڵمان دواو باسی لەوەکرد کە ئەو گرنگ نیە بەلایەوە و هەرکات بۆی بڕەخسێت منداڵەکەی دەهێنیت بۆ کوتان، ژیان علی، وتیشی: "منداڵەکانی دیکەشم چەند جارێک هێناوە گرنگ نیە بەلامەوە نەشیان کوتم، چونکە ئێستا کەس ئەو نەخۆشیانە ناگرێت کە منداڵی بۆ دەکوتن!".

لەسەر ئەمەش لێپرسراوی هۆبەی کوتانی مەڵبەندی کفری، بەیان حەیدەر، وتی: "پێویستە لەسەر هەمو دایک و باوک و بەخێوکەران کە پەیڕەوی ئامۆژگاری کارمەندە ڕاهێنراوەکانی تەندروستی بکەن لەبارەی خشتەی کوتانە داواکراو پێویستەکانەوە هەمو جارێکیش ئێمە رێنمای بەدایکان دەدەین لەو بارەیەوە".

لە مەڵبەندی شیروانەش بە هەمانشێوە دایک وباوکەکان وەستابون بە دیار ئەوەی ئاخۆ کەی سەرەیان دێت بۆ چونە ژورەوە باوکێک کە وەرەس بوبو لە چاوەروانی پێی وتین: "نازانم چۆن دەبێت شوێنێک بۆ منداڵی یەک رۆژ و یەک حەفتەو چەند مانگ ئاوابێت، ئێمە گەورەین لێرە وەرەس دەبین ئەی ئەم منداڵە ناسکانە چۆن بەرگەی ئەم قەرەباڵەغی و دەنگە دەنگ و هەوا پیسیە بگرن؟".

## 11. ترسی دایکان و ناهۆشیاریان چ کاریگەریەکی هەبوە لەسەر کوتانی منداڵانی گەرمیان

بەهۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێک نیشانە لە دوای کوتان هەندێکجار دایکان دەگەنە ئەو بڕوایەی چیدیکە منداڵەکانیان نەکوتن، بەوتەی بەڕێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان دەڵێت هۆکاری سەرەکی ناهۆشیاری دایکانە لەم بابەتە.

کامەران حەمەساڵح، بۆ یەکەی چاودێری بەمشێوەیە رونکردنەوی لەم بارەیەوە خستەڕو: "هەندێک کاریگەری لاوەکی هەیە لە کاتی کوتان زۆرجار دوای چەند رۆژێک خۆیان نامێنن، هەندێک لە دایکان ئەمە دەکەنە بەهانەی ئەوەی کە ترساون و نایانەوێت منداڵەکانیان بکوتن، هۆکاری دیکەش ئەوەیە دایکی وامان هەیە کە پێی وتراوە بۆ منداڵەکەت ناکوتیت وتویەتی شوێنی کوتانەکە دورە لە ماڵمانەوە!"

وتیشی پرۆژەیان ئامادەکردوە بۆ بەشی راگەیاندنی وەزارەتی تەندروستی تاوەکو هەڵمەتی هۆشیاری لە راگەیاندنەکانەوە لەم بارەیەوە بڵاوبکەنەوە.

## 12. ئامارەکانی کوتان لە گەرمیان

ئامارەکانی کوتانی مناڵ لە گەرمیان مانگانە دەگاتە زیاد لە (٤٠٠٠) مناڵ و بۆ دایکانیش بەهەمان شیوەیە، بەپێی ئامارەکانی خۆپارستنی گەرمیانیش لە ساڵی ٢٠١٨ کوتانی گشتی لە گەرمیان گەشتۆتە (١٦٨٨١١) کەس.

ئامارەکانی کوتان لە مەڵبەندە سەرەکیەکانی قەزاو ناحیەکانی گەرمیان بۆ دومانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩

### أ. ئاماری مەڵبەندی تەندروستی شێروانە لە کەلار

یەکێک لەو بەشانەی کوتان کە بە سەنتەری کوتانی گەرمیان، دەستنیشاندەکریت بەو پێیەی زۆرترین رێژەی سەردانیکەری هەیە مەڵبەندی تەندروستی شێروانەیە، لەناو مەڵبەندەکانی کەلار ئاماری دو مانگی یەکەمی ئەمساڵی تێیدا وەک نمونە وەردەگرین بەم شێوەیە بوە.




بە پێی ئامارەکەش تەنها لە مانگی کانونی دوەمی ئەمساڵدا (١٣٧٥) مناڵ و ژنی دوگیان لەم مەڵبەندە کوتانی بۆکراوە، هاوکات لە مانگی شوباتیش (١٢٩٤) مناڵ و ژنی دوگیان کوتانیان بۆ کراوە.

کەواتە بەتەنها لە دومانگی یەکەمی ئەمساڵدا (٢٦٦٩) کەس بەتەنها لە یەک مەڵبەندی تەندروستی لە کەلار کوتانیان بۆ کراوە.

**ب. ئاماری مەڵبەندی تەندروستی کفری**

ئامارەکانی کوتان لە قەزای کفری بە پێی ئاماری هۆبەی کوتانی مەڵبەندی کفری بەم شێوەیە بوە.




بە پێی ئامارەکە دەردەکەوێت لە مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵدا (٥٢١) مناڵ و ژنانی دوگیان لە قەزای کفری کوتانیان بۆ کراوە، هەروەها لە مانگی شوباتی ئەمساڵیش (٦٣٢) مناڵ و ژن لە مەڵبەندی تەندروستی کفری کوتراون.

بەم پێیەش لە ماوەی دومانگدا (١١٥٣) کەس لە مەڵبەندی کفری کوتراون.

ج. ئاماری مەڵبەندی تەندروستی شەهید قاسم لە ناحیەی رزگاری

لە ناحیەی رزگاری ئاماری مەڵبەندی تەندروستی شەهید قاسم بەم شێوەیە بوە




بە پێی ئامارەکانیش لە مەڵبەندی شەهید قاسم بۆ مانگی کانونی دوەم(٥٨٠) بۆ مانگی شوباتیش(٦٠١) مناڵ و ژنی دوگیان کوتراون، واتا بەتەنها لە دومانگی یەکەمی ئەمساڵدا (١١٨١) کەس لەم مەڵبەندە کوتراوە.

**د. ئاماری مەڵبەندی تەندروستی پێباز لە ناحیەی باوەنور**

لە ناحیەی باوەنوریش لە مەڵبەندی تەندروستی پێباز ئامارەکان بەم شێوەیە بوە




بە پێی ئامارەکە لە ناحیەی باوەنور بۆ دو مانگی یەکەمی ئەمساڵ (٣٠١) مناڵ و ژن کوتراون بەشێوەیەک لە مانگی کانونی دوەم (١٤٤) لە مانگی شوباتیش (١٥٧) مناڵ و ژن کوتراون.

## 13. رەوشی کوتان لە گوندەکانی گەرمیان

لە بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بۆ رەوشی کوتان و گەشتنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ گوندەکان دەرکەوت ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە هیچ تیمێک نەچوەتە گوندەکان، ئەمەش بەهۆی نەمانی هاوکاری رێکخراوە تەندروستییە جیهانیەکان بۆ وەزارەتی تەندروستی.

لە پێشتردا تیمی مۆبایلی بە پێی خشتەی تایبەت سەردانی گوندەکانیان دەکرد لە گەرمیان بۆ کوتانی مانگانەی مناڵان.

## 14. چیبکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی کوتان لە گەرمیان

بە وتەی کارمەندانی کوتان لە گەرمیان ئاستی کوتان باشە، بەو پێیەی سەرکەوتن و زاڵبون بەسەر ئەو نەخۆشیانەی کە کوتراویان هەیە لە گەرمیان، بەڵام ئەمە لە کاتێکدایە بەشێک لە دایکان پابەند نابن بە کاتی سەردانی بۆ کوتانی مناڵەکانیان یاخود هەر باوەڕیان بە کوتان نیەو مناڵەکانیان ناکوتن، شوێنە دورە دەستەکانیش کوتانیان پێناگات مەگەر لە هەڵمەتەکانی کوتان و هەندێک کوتراویش هەیە هەر بەردەست نیە.

لەو روەی ئاخۆ چۆن بتوانرێت ئامانجی مانگانەی کوتان بەرزبکرێتەوە، بۆ ئەم گرفتە شیرکۆ حەسەن، کە ماوەی شازدە ساڵە لەم بوارەدا کاردەکات دەڵێت: "سەرەتا دەبێت بزانین چەند تێروانینێکی جیاواز هەیە بۆ کوتان لە لایەن دایکان و باوکانەوە، ئەوەش ئەوەیە هەندێک خەڵک هەیە هەر باوەڕیان بە کوتان نیە، چارەسەرکردنی ئەم بیرکردنەوەش دەرکردنی تیمی رۆشنبیریە بۆ سەردانی ماڵان و پێدانی زانیاری و هۆشیاری لەسەر کوتان و دەرئەنجامە خراپەکانی نەکوتانی مناڵەکانیان".

بە پێی ئەو لێدوانانەی کە یەکەی چاودێری لە نێو هاوڵاتیان وەریگرتوە هەندێکیان دەڵێن لامان گرنگ نیە لەکاتی خۆی نەچینەوە بۆ کوتانی مناڵەکەمان، کە ئەمەش لەروی تەندروستیەوە تەواو هەڵەیە، چونکە هەندێک کوتراو هەیە تەنها دەتوانرێت لە مانگێکی دیاری کراوی تەمەندا مناڵی پێبکوترێت لەو ماوەیە تێپەری ناتوانرێت چیدیکە ئەو کوتراوەی بۆ بەکاربهێنرێت ئەگەریش بۆی بەکاربهێنرێت دەبێتە هۆی مەترسی لە سەر تەندروستی مناڵەکە.

بۆ ئەم حاڵەتەش شێرکۆ حەسەن وتی: "لە هۆبەو بەشەکانی کوتان سجلی تۆمار هەیە کە ناونیشانی ماڵ و ژمارەی تەلەفۆنی خێزانی مناڵەکانی تێدایە دو بۆ سی ساڵ رێکخراو یارمەتی دەدایین بۆ ئەوەی بە تەلەفۆن خێزانەکان ئاگاداربکەینەوە ئەگەر لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا نەهاتایەنەوە بۆ کوتان یاخود بە تیم سەردانی ماڵەکانمان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەوە ناکرێت چارەسەریش هەر ئەوەیە".

لەبەرامبەر ئەم دو کێشەیەدا بەڕێوبەری خۆپاراستنی گەرمیان لەگەڵ لێپرسراوی بەشی کوتانی خۆپاراستنی گەرمیان هەمان بۆچونیان هەیە کە دەبێت لە رێگەی راگەیاندنەوە هۆشیاری بڵاوبکرێتەوە بۆ خێزانەکان سەبارەت بە گرنگی کوتان.

## بەشی سێیەم: راسپاردە

1. بەو هۆییەی هەندێک کوترا تەنها تەمەنی مانگی دیاریکراو دەگرێتەوە دواتر بێسود دەبێت یاخود زیانیشی دەبێت بۆ منداڵان هەر بۆیە پێویستە تەوای کوتراوەکان مانگانە لە کاتی خۆیدا بەردەست بخرێت بۆ هۆبە و بەشەکانی کوتان لە گەرمیان.

2. ڤاکسین یەکێکە لەو دەرمانانەی کە زۆر هەستیارە ئەگەر لەو پلە گەرمییەی کە بۆی دیاریکراوە نە پارێزرێت راستەوخۆ رەنگی دەگۆرێت، ناتوانرێت چی دیکە بەکاربهێنرێت، هەر بۆیە لە بۆکسی تایبەت دەگوازرێتەوە، بەڵام لە گەرمیان گرفتی کۆنی و بچوکی قەبارەی بۆکسەکان هەیە دوای بەدواداچونی یەکەی چاودێریش دەرکەوت هۆکاری دابیننەکردنی بۆکس و ئۆتۆمبێلی تایبەت بۆ گواستنەوەی ڤاکسینەکان داوانەکردنی بوە لە پێشترو لە ئێستاشدا، هەربۆیە پێویستە بەرێوبەرایەتی خۆپاراستن لیژنەی تایبەتی هەبێت بۆ بەدواداچون لە کەمتەرخەمی و نەکردنی داواکاری بۆ پێداویستیەکان.

3. گرفتی هۆبەو بەشەکانی کوتان

ا. یەکێکە لە کێشە دیارەکانی بەشێک لە هۆبەو بەشەکانی کوتان بە شێوەیەک هەندێک هۆبە لە ناحیەکان بەتەنها یەک کارمەند بەرێوەی دەبات، پێویستە کارمەندی پێویست دابینبکرێت بۆ باشتر راپەڕاندنی کارەکانیان.

ب. کوتانی مناڵ لە تەمەنی یەک رۆژەوە دەست پێدەکات، ئەمەش پێویستی بە شوێنێکی تەواو تەندروست و گونجاوە، بەڵام لە گەرمیان، لە مەڵبەند و بنکەکان هیچ بنەمایەکی تەندروستی لە شوێنەکانی چاوەڕوانی کردن نیە، لە هەندێکیاندا تەنانەت دایک و باوکەکان شوێنی وەستان و دانیشتنیشیان نیە، یاخود زۆر نەگونجاوە، بۆ ئەمەش پێویستە تەندروستی پلانی هەبێت بۆ باشکردنی شوێنەکانی کوتان تاوەکو ئاستی خزمەتگوزارییەکانی لەم بوارە بەرزبکاتەوە.

4. دابینکردنی کۆمەڵێک کوتراو کە ئێستا لە گەرمیان و کوردستان بەردەست نین

ا. نەبونی کوتراو دژی مار و دوپشک و سەگی هاری لە خۆپاراستنی گەرمیان کاریگەری خراپی هەبوە بۆ دانیشتوانی دێهاتەکان هەندێکجار بۆتە هۆکاری کارەساتی دڵ تەزێن، هەر بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت ئەم کوتراوانە بۆ دانیشتوانی گوندەکانی گەرمیان بەردەست بخرێت نەوەک بە گومانی ئەوەی حاڵەتەکان کەمە هیچ کەسێک دژی ئەم حاڵەتانە نەکوترێت.

ب. بونی کوتراوی گەزاز کە بەکاردێت دژی ژەهراوی بون لە کاتی برین یان هەر حاڵەتێک کە گومانبکرێت کەسەکە خوێنی ژەهراوی دەبێت گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە ئێستادا لە تەندروستی گەمیان و نەخۆشخانەی فریاکەوتن لەکەلار بەردەست نیە، کە سەرئەنجام هەندێکجار کەسەکە لە دواتردا توشی ژەهراوی بون دەبێت مەترسی دروست دەبێت لەسەر ژیانی، بۆ ئەمەش لایەنی پەیوەندیدار دەبێت هەوڵی دابینکردنی بدات.

ج. بەپێی زانیارییەکان یەکێک لەو نەخۆشیانەی کە کوتراوەکەی لە عێراق نیە نەخۆشی دڕکە و مێکوتەیە کە ئێستا لە وڵاتانی دراوسێ بەکاردەهێنرێت، لە کاتی توش بون بەم نەخۆشیە ئەگەری حاڵەتی مەترسیداری لێدەکرێت، هەربۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار هەوڵی دەسخستنی ئەم کوتراوە بدات.

5. لە بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بۆ رەوشی کوتان و گەشتنی ئەم خزمەتگوزارییە بۆ گوندەکان دەرکەوت ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە هیچ تیمێک نەرۆشتۆتە گوندەکانی گەرمیان، لە کاتێکدا لە پێشتردا تیمی مۆبایلی بە پێی خشتەی تایبەت سەردانی گوندەکانیان دەکرد لە گەرمیان بۆ کوتانی مانگانەی منداڵان ئەمەش بەهۆی نەمانی هاوکاری رێکخراوەکان، بۆ ئەمەش پێویستە وەزارەتی تەندروستی هەوڵبدات لە رێگەی بودجەی تایبەتەوە چالاکییەکانی دەستپێبکاتەوە لەم بوارە.

6. چۆن ئاستی خزمەتگوزاری کوتان بەرزدەکرێتەوە

ا. بەشێکی هاوڵاتیان کوتان گرنگ نیە بەلایانەوە چارەسەرکردنی ئەم بیرکردنەوەش دروستکردنی تیمە بۆ پێدانی هۆشیاری لەسەر کوتان و باسکردنی دەرئەنجامە خراپەکانی نەکوتان بۆ دایکان و باوکان.

ب. لەبەر ئەوەی ئێستا لە رێگەی راگەیاندن و سۆشیاڵ میدیا بە ئاسانی بابەتەکان دەگات بە خێزانەکان، پێویستە بەشی راگەیاندنی بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی گەرمیان یان وەزارەتی تەندروستی لەو رێگەیەوە هۆشیاری زیاتر دەربارەی کوتان بگەیەنێت بە هاوڵاتیان.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس سالّح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07480207400 - 07702303676

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org